# كاريزما
# و
# ڕۆڵی کەسایەتییەکەی لە بزووتنەوەی سیاسی کوردا

دارا مەحمود

بزووتنەوەی کاریزمایی بەرهەمی ڕەهەندی عاتیفی و ئەفسانەیی زەینی مرۆڤە. هەرچەندە مرۆڤ بۆخۆی بوونەوەرێکی عەقڵانی و عاقڵترین بوونەوەری ئەم جیهانەیە، بەڵام ڕەهەندە عاتیفیەکەی کە لە هەمان کاتدا خەسڵەتێکی زەینیشیەتی، خاوەنی کاریگەرییەکی وەهایە کە جارهەیە دەتوانێ بەسەر ڕەهەندە عەقڵانییەکەیدا زاڵ بێت و یانیش لاوازی بکات.

کاریزما وەک چەمکێکی کۆمەڵایەتی، بە واتای هەبوونی کۆمەڵە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی نائاسایی لە تاکدا کە جار هەیە ئەو تایبەتمەندیانە دەگێڕدرێتەوە بۆ هێزی یەزدان و سەرووی ئادەمیزادەوە. وەک پەیامبەران و کەسایەتییە مەزهەبییەکان. لە دیرۆکی کلاسیکیشدا پادشاو سەرکردەکان لە لایەن خەڵکییەوە وادەناسران کە مرۆڤی نا ئاسایی و خاوەن عەقڵ و وزەو دانایی و زانایی سەرووی ئاستەکانی مرۆڤی ئاساییین. و تەنانەت ئەم باوەڕە تا ئەمڕۆش لە هەندێک کۆمەڵگادا بە توندی ڕەواجی هەیە.

کاریزما وەک واژە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە زمانی یۆنانی کە بەواتای (ئاگاداریی خودایی)، یان ئەو کەسەی لە لایەن خواوە دەپارێزرێ و بە پێی خواست ڕێنوێنییەکانی ئەو هەڵس و کەوت دەکات و کاروبارەکان بەڕێوە دەبات.

لە کۆمەڵناسی نوێشدا چەمکی کاریزما شوێنێکی تایبەت لەبەرهەمی هزری کۆمەڵناسان و لێکۆڵەرەوان دادەنێت. و یەک لەو ڕووە هەرە دیارانەی لەم بارەیەوە مۆرک و جێگا پەنجەی هەرە دیارو بەرچاوی هەیە، کۆمەڵناسی ئەڵمانی ماکس فێبەر(1864-1920)ە.

ماکس فێبەر، کاریزما وەک (چلۆنایەتییەکی نائاسایی) لە تاکدا دەبینێت. کە حاڵەتێکی سیحراوی و سەرنج ڕاکێش و توانای لەڕادەبەدەری پێ دەبەخشێت. فێبەر ئەم چەمکە تێکەڵاوی دەسەڵاتی سیاسی دەکات. بەو پێیەی یەکێک لەسێ جۆر مەشروعیەتی دەسەڵات واتا: دەسەڵاتی نەریتی، دەسەڵاتی کاریزمایی، دەسەڵاتی یاسایی-عەقڵی. پێکدەهێنێت.

بزووتنەوەی، یان کەسایەتی کاریزمایی دەکرێ لەهەر کۆمەڵگایەکدا بە پێی قۆناغێکی دیرۆکی گونجاو کە دوو فاکتەری کات وشوێنی بۆدابین کرابێت بێتە ئاراوە. (کەسایەتی کاریزمایی بە درێژایی دیرۆکی ناعەقڵانی مرۆڤ بەردەوام پێناسەی نوێ لە جیهان و مرۆڤ پێشکەش دەکات. و هەرکات پەیرەوانێک پەیدا بکات کە خۆیان بە لایەنگری ئەو پێناسەیە بزانن، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەدی دێت.)1

هەرکاتێکیش بزووتنەوەیەکی کاریزمایی دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە پێوان و بەراوردکردن لە گەڵ کۆمەڵگاو سیاسەتی نەریتیدا ڕوویەکی نوێتر پەیدا دەکات. بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێ بزووتنەوەی کاریزمایی خۆی زیندووکەرەوەی نەریتێکی کۆن و لەدەستچوو بێت.

بزووتنەوەی کاریزمایی لەخۆیەوە پیدا نابێت و کەسایەتی کاریزماییش تەنیا بە لێهاتوویی شەخسی، نابێتە جێگای متمانەو پەسەندی کۆمەڵگا. بەڵکو لە ئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەر. لەسەرووی هەموویانەوە قەیرانی گەورەی کۆمەڵایەتی_سیاسی، شکەست و زاڵبوونی بێهیوایی بەسەر مێشکی کۆمەڵگادا، لاوازی و هیچ لەدەست نەهاتنی نێوەندو ڕێبەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان...و بەگشتی لە قۆناغەکانی گوشارو شێوانی دەروونی،

فیزیکی،ئابووری، ئەخلاقی،مەزهەبی و سیاسیدا... پەیدا دەبێت. و بەواتایەکی دیکە کاریزما لە لایەن سروشتی قۆناغێکی دیاریکراوەوە دێتە ئاراوەو هەر بۆیەش دەکرێ پەیدا بوونی شتێکی نامۆو نائاسایی نەبێت. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگەو جێگای هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیە، ئەو ئاکامە باش و خراپانەن کە لێی دەکەوێتەوە و هەروا چۆنیەتی بەکارهێنانی هێزی کاریزمایی لەلایەن ئەو کەسایەتیانەوە.

بواری دەرکەوتنی کەسایەتی کاریزمایی مەرج نییە هەمیشە بزووتنەوەیەکی کاریزمایی بەدوادابێت. هەروا مەرجیش نییە کەسایەتی کاریزمایی وەک کەسایەتییەکی موعجیزە ئاسا هەڵبسەنگێنرێ.

لە دیرۆکی هاوچەرخی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکانداو تا ئەمڕۆش، لەهەر کۆمەڵگایەکدا کەسایەتی کاریزمایی هەبوون و دەبن. بەڵام بە جیاوازی زۆرەوە.

لەوکۆمەڵگایانەی خاوەن دامودەزگای دیموکراسی و بارودۆخێکی سیاسی-ئابووری سەقامگیرو نیمچە سەقامگیرن، کەسایەتی کاریزمایی کەسایەتییەکی موعجیزە ئاسا نییە. بەڵکو تەنیا ئەوەی ڕێبەرێکی لێهاتوویەو ئەرکەکانی خۆی بەباشی ڕادەپەڕێنێ ولێهاتوویی و تایبەتمەندییەکەشی لە بەراووردکردن لە گەڵ ڕێبەرانی تری دەوروبەری خۆی و پێش خۆی و توانای دەستەبەرکردنی داخوازییەکانی خەڵکیدا بەدیار دەکەوێت. جاری واشە تەنیا بەڕواڵەتی دەرەوەیی و شێوازی ئاخاوتنی سنووردار دەبێت. بەڵام لە کۆمەڵگا ناسەقامگیرو پڕ قەیران و کێشە گەورە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا...وەک کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات، کەسایەتی کاریزمایی ئەو کەسایەتیەیە کە بەبێ لەبەر چاوگرتنی میکانیزمەکان، سەرکەوتن بەدەست دێنێت، و مۆعجیزە دەخوڵقێنێت و بە هیمەتی ئەو کەسایەتییە، هەموو گومانەکان دەبنە یەقین، نەشیاوەکان دەبنە شیاو، مەحاڵەکان دەبنە مسۆگەرو ئیتر بەرەبەرە نێوەندێک و تەنانەت چەندان نێوەند دروست دەبن کە لەڕووی هزرییەوە تەواوی نێوەندەکانی تری وەک ڕاگەیاندن وپارت و سانديکا ومزگەوت و قوتابخانەو زانستگاو بازاڕ...لە ناو خۆیدا دەتوێنێتەوەو هەموو ئەمانە دەکاتە ئامرازی دەستی کاریزماو دەبن بەچەند ئەڵقە کە دەوری ئەوکەسایەتییە دەدەن و دووری و نزیکی هەریەک لەو ئەڵقانەش پەیوەستەی ئاستی ملکەچی و گوێڕایەڵییە بۆ ڕێبەریی کاریزمایی.

لەدیرۆکی نوێ و تەنیا لەماوەی یەک_دوو سەدەی ڕابردوودا و لەسەر ئاستی جیهان چەندان کەسایەتی کاریزمایی لەبوارو ئاستی جۆربەجۆردا هەبوون کە مۆرکییان بە دیرۆکی مرۆڤایەتییەوە ناوە. بەشێکیان بەخراپترین شێواز سوودیان لە هەلومەرجی کاریزمایی خۆیان وەرگرتووەو ڕەشترین لاپەڕەیان خستۆتە سەر دیرۆکی مرۆڤایەتی: هیتلەر، ستالین، سەدام حوسێن، خومەینی...هەموو بە هێزی کاریزمایی و پشتیوانی بنکەی فراوانی خەڵک دەستیان پێکردو مەزنبوون. و لەحاڵێکدا بۆ لایەنگرانی خۆیان سیمبۆلی ئازادی و ڕزگاری و دڵنەرمی و مرۆڤبوون بوون. بۆبەرهەڵستکارانیان سیمبۆلی ستەم و دڵڕەقی و خوێنمژی و نامرۆڤبوون بوون.

بەڵام کەسایەتی کاریزمایی تریش هەبوون کەتەنانەت لەلایەن بەرهەڵستکارانیشیانەوە جێگای ڕێزو ستایش بوون: گاندی، نیلسۆن ماندێلا و لەسەرئاستێکی تریش کەسایەتیەکی وەک کارل مارکس هەیە. جێگای سەرنجە کە تەواوی ئەم جۆرە کەسایەتیانە بە پێچەوانەی نموونە خراپەکانەوە نە بەخۆیان سەرسام بوون و نە خولیای خڕکردنەوەی خەڵکیان لەدەوری کەسایەتییەکەیان لەسەردابوو، و نە چاوەڕوانی چەپڵەو کڕنۆش بۆبردنیش بوون. هەربۆیە کەسایەتییەکی وەک کارل مارکس دەڵێت: (ئەم خاڵە بڕاوەتەوە کە من مارکسیست نیم)2 مەبەستەکەشی لەم وتەیەی ئاشکرایە کە ناخوازێ ڕەهەندی تاکخوازی بە بیرو بۆچوونەکانی ئەوەوە بلکێنرێ. بەڵکو مەبەستی بوو ڕەهەندێکی زانستی پێ ببەخشرێ و لەدەرەوەی کەسایەتی تاکی ئەو هەڵسەنگێنرێ.

## ئەگەرە باش و خراپەکان

ڕۆڵی باش یان خراپی کەسایەتی کاریزمایی پەیوەستەی زۆر فاکتەرە. لەمانە:

1- ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگاو بەتایبەتی تاکەکانی ناو ئەو بزووتنەوەی کاریزما ڕێبەرایەتی دەکات.

2- ئاستی بوون و نەبوونی دامودەزگای جۆربەجۆری بڕیار دان و ڕاپەڕاندن.

3- کەسایەتی خودی کاریزماو ئاستی خوێندەواری و ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی ژیان و پەروەردەبوونی ئەو کەسایەتییە.
4- ئەو قۆناغ و سەردەمەی کەسایەتی کاریزمایی تیایدا دێتە ئاراوە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین هەندێک قۆناغی دیرۆکی هەن کە پێویستبوونی کەسایەتییەکی کاریزمایی دەبێتە شتێکی حەتمی. و ڕۆڵی تاکی کاریزما لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان لە دیرۆکدا بە نموونەی لە ژماردن نەهاتووەوە سەلماوە.
کەسایەتی کاریزمایی لە هەلومەرجی دیاریکراوو گونجاودا دەتوانێ ببێتە فاکتەری یەکبوونی کۆمەڵگاو خستنەگەڕی زۆربەی وزەو تواناکان و تەرخانکردنیان لە پێناو ئامانجەکاندا. و بەمەش دەبێتە هۆی لەناوبردنی قەیرانە جۆربەجۆرەکان و بچوککردنەوەی کۆسپەکان.
بەڵام کەسایەتی کاریزمایی کە گەیشتە ئاستی ئەفسانەیی و خوڵقاندنی موعجیزە، و یانیش قۆناغی پێویستبوونی خۆی دەربازکرد، لە کاریگەرییەکی پۆزەتیفانەوە وەردەگەڕێتە کاریگەریی نێگەتیفانە. ئەمەش لەبەر چەند هۆکاری گرنگ لەمانە:
1- هەبوونی کەسایەتیەکی کاریزمایی لەسەرەوەی دەزگای ڕێبەرایەتی سیاسی زۆربەی هەرە زۆری جارەکان ئەو باوەڕە لە مێشکی پەیڕەوانیدا دروست دەکات کە ئەو کەسایەتیە لە جیاتی ئەوان بیردەکاتەوەو کاردەکات. بەمەش بواری داهێنان و خوڵقاندن و ڕەخنەگرتن و دروستبوونی بیروڕای جیاواز دەبەسترێت. و تەواوی بڕیارەکان بە شێوەیەکی ڕەها دەکەونە دەست ئەو کەسایەتیە. ئیتر وەک پێویستییەک، کەسایەتیەکی دیکتاتۆری لێ دەردەچێت. بە مردنی ئەو کەسایەتیەش، یان نەمانی لە گۆڕەپانەکەدا لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، دەبێتە هۆی ڕوودانی کارەسات و دروستبوونی بۆشایی لە ڕێبەرایەتیدا. چونکە لەسەردەمی ژیان و دەسەڵاتی ئەودا هەموو هیواکان گرێدراوی ئەو کەسایەتییە بوون و بەنەمانی ئەو، ئەگەری بێهیوایی و ورەبەردان شتێکی یەکجار چاوەڕوانکراوە.
2- کەسایەتی کاریزمایی کاتێک سنووری مرۆڤبوونی بەزاند و بوو بە بوونەوەرێکی ئەفسانەیی. ئەو ئەگەرە لە ئارادا نامێنێت کە ئەو هەڵە بکات و شکەست بهێنێت. ئیتر کاتێک ئەو هەڵەکردن و شکەستهێنانە لە بەر هەر هۆیەک بێت ڕوویدا، تەنیا ئەفسانەی ڕێبەری کاریزمایی تێک ناشکێت، بەڵکو بزووتنەوەیەک تێکدەشکێت و پرۆسەیەک کە بەوزەو قوربانی زۆر هاتۆتە ژیانەوە، لەباردەچێت و دەمرێت و هیواکانی نەفشێک دەبن بە بڵقی سەر ئاو.
3- هەتا هیزی کاریزماو کاریگەرییەکانی زۆرتربن، عەقڵانییەت لەهەموو ئاستەکاندا پتر پاشەکشە دەکات و خەون و خەیاڵ و عاتیفە، جێگای بیرکردنەوەی زانستی و لۆژیکمەندانە دەگرێتەوەو ڕۆڵی دامودەزگاو بیری بەکۆمەڵ دەگەنە ئاستی هەرە نزمی خۆیان.

## کاریزماو بزووتنەوەی سیاسی کورد

بزووتنەوەی سیاسی کورد بەحوکمی ئەوەی لە ڕابردوودا عەفەویانە و وەک وەڵامدەرەوەیەکی سروشتی ستەم و چەوساندنەوە. و خۆپاراستن لە لەناوچوونی ڕۆحی و جەستەیی بووە. واتا لە سەر بنەمای ئایدیۆلۆژیاو بەرنامەیەکی زانستی نەبووە، هەمیشە زەمینەیەکی لەباری بۆ سەرهەڵدان و دروستبوونی کەسایەتی کاریزمایی ڕەخساندووە. هەروا جیوگرافیاو قۆناغی دیرۆکیش دوو فاکتەری دیکەی یارمەتیدەر بۆ دروستبوونی کاریزما بوون.
کاریزما لە دیرۆکی بزووتنەوەی سیاسی کورد، ڕۆڵێکی بەرچاوو کاریگەری هەبووە. کە جارهەبووە ئەو ڕۆڵە یەکجار باش و پۆزەتیفانەو جاری تریش پڕ کارەسات و دراماتیک بووە. و ئەگەر وردترو دیاریکراوتر دیرۆکی کاریزماو بزووتنەوەی کاریزمایی کورد هەڵسەنگێنین بە ئاکامێکی سەیر دەگەین. ئەویش ئەوەیە کە لە تەواوی

بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد کە لەسەر ئاستی هەرچوار پارچەی کوردستان لەڕابردوووداو تا ئەمڕۆش ڕوویانداوە. ڕۆڵی کەسایەتی کاریزمایی لە سەرهەڵدان و قۆناغەکانی دەستپێک و فۆرمگرتنی بزووتنەوەکاندا، یەکلاکەرەوە بووە. بەڵام دوای بەسەرچوونی ئەو قۆناغە دەستپێکە گوڕوتینی بزووتنەوەکە دامرکاوەتەوەو ڕۆڵی کەسایەتی کاریزمایی لەوەی ببێتە فاکتەری سەرکەوتن بۆتە فاکتەری تێشکان.

بەواتایەکی تر ڕۆڵی پۆزەتیفانەی کەسایەتی کاریزمایی تەنیا بە قۆناغی دەستپێک سنووردار بووەو ئیتر لەوە بەدوا هیچ تواناو میکانیزمێکی نەبووە بەردەوامی بە بزووتنەوەکە ببەخشێت و بیگەیەنێتە قۆناغی سەرکەوتن و لەمەش خراپتر بۆتە ڕێگر لەبەردەم تەواوی فاکتەرەکانی تری سەرکەوتندا. ئیتر ئەم ڕێگرتنە چ وەک بە مردن (گەرچی مردنێکی قارەمانانەش بووبێت)، کە لە ئاکامدا بۆتە ئاشبەتاڵ و بڵاوە پێکردن.و یانیش بەهۆی پشتگوێ خستنی هەرفاکتەرێکی تری جگەلە خودی ڕێبەری کاریزمایی.

ئەمڕۆش کە هەلومەرجە ناوخۆیی و دەرەکییەکان گۆڕاون و ڕۆژگار کۆمەڵێک فاکتەری هێناوەتە ئاراوە، و هەبوونی پارت و ڕێکخراوی سیاسی و دامودەزگای جۆربەجۆری تر بوونە پێویستییەکی حەتمی، ڕۆڵی کاریزما بەرەبەرە سنووردارتر دەبێت و جێگا بۆ عەقڵ و لۆژیک و بیری بە کۆمەڵ و ئەزموون و زانست چۆڵ دەکات. بەڵام لەبزووتنەوەی سیاسی کوردا هێشتا ئەودەنگانە دەبیستین کە ئەم یان ئەو سەرکردە بە حەکیم ، عەبقەری و ، بێ وێنەو ...هتد ناودەبەن و پێناسە دەکەن. و هێشتا ڕەوتێکی خاوەن هێز هەوڵ دەدات لەو کەسایەتیانەی لەژێر چەتری ڕێبەرایەتی ئەودا ژیان دەکات، بتێک دروست بکات و پەرستنیشی بکاتە ئەرکی هەمووان و تەنانەت یاساییشی بکات. زۆربەی هەرەزۆری جارەکانیش ئەم جۆرە ڕەوتانە لە لایەن ئەو تاک و گروپانەوە پەرە پێ دەدرێت کە نان و پلەو پایەیان لە ستایش و کلکە لەقێ ئەم یان ئەو ڕێبەرو کەسایەتی دایە. وەها کارێکیش هەمیشەو بە شێوەیەکی ڕەها بە بایەخی لاوازکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و لاوازکردنی پرۆسەی دیموکراسی و پایەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێت.


**سەرچاوەو پەراوێزەکان**

1- دکتر حسین بشیریە. جامعە شناسی سیاسی. نقش نیروهایی اجتماعی در زندگی سیاسی. نشر نی چاپ ششم 1379-تهران ل61

2- مارکس ئەو قسەیەی بە لاسال گوتووەو فریدریک ئینگلسیش چەندان جار هەمان دەستەواژەی لە زاری مارکسەوە گێڕاوەتەوە. بۆنموونە لە نامەکانیدا بۆ برنشتین لە 2-1982/11/3 و بۆ شمیت لە 1890/8/5 و هەروا بۆ دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوەی (سۆسیال دیموکرات) لە 9/7/ 1890 دا.

بۆ زۆرتر زانیاری بڕوانە:بابک احمدی، مارکس و سیاست مودیرن. نشر مرکز چاپ سوم 1381-تهران. ل 47-46



Darachimen@hotmail.com

**نیسان/2006**